## (( دادگایی کردنی ڕۆژنامەوانێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ))

ڕژێمی ئێران بەردەوامە لە سیاسەتی فاشیستی خۆی دژی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت نوسەر و ڕۆژنامەوانانی کورد لەو پارچەیەی کوردستان بۆیە هەمیشە ڕووبەڕووی گوشاری توندی ئەو ڕژێمە دەبنەوە.

لەچوارچێوەی سیاسەتی سەرکوتکەرانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران دا هەردوو خوشك و برای ڕۆژنامەوانانی کورد شەمزین و شێرکۆ جیهانی، بەردەوام لەلایەن دەزگای ئیتلاعاتی شاری مەهابادەوە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دا دەکرێت و ڕووبەڕووی گوشار دەبنەوە.

چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە شاری مەهاباد ڕۆژنامەوان شەمزین جیهانی برایە ئیتلاعاتی شاری مەهاباد و تا ئێوارە دەست بەسەربوو شەمزین جیهانی بەم تاوانانە دادگای دەکرێت:

1- نوسین لەسەر سیاسەتمەداری ژنی کورد نوریە کەسبیر کە ئێستا لە زیندانی هۆڵەندایە و بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی پەیامی مەردووم.

2- نوسین لەسەر ڕەوشی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

3- قسەکردن بۆ ڕادیۆی میزۆپۆتامیا و ڕۆژتیڤی.

4- ڕاپۆرت لەسەر هەڵبژاردنی مەجلیسی ئێران و شاری مەهاباد بۆ ڕادیۆی میزۆپۆتامیا.

5- بەکارهێنانی وشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەجێی کوردستانی ئێران لە نوسینەکانیدا.

6- بەشداریکردنی لە کۆنفرانسی وێژەیی شاری ئامەد لە باکووری کوردستان.

7- دیداری لەگەڵ لەیلا زانا.

8- بەشداری لە ڤیستیڤاڵی کلتووری شاری باتمان لە باکووری کوردستان.

9-نوسین لەسەر بلاوبوونەوەی ماددە سڕکەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

10- هاوکاری کردنی پەژاك و کۆنگرەی گەل.

ئەوە ماوەی چەند ڕۆژە ڕۆژنامەوان شەمزین لەلایەن ئیتلاعاتی ئێرانەوە ڕووبەڕووی زەختی زۆرتوند بووەتەوە چەند ڕۆژ لەمەوبەر شەمزین براوەتە لقی دووی دادگای ئینقلاب لە شاری مەهاباد و لەلایەن دادوەر عەباس زادە، بەئامادەبوونی چەند ئەندامێکی ئتیلاعات یەکەمین دادگایی کراوە و پێیان ڕاگەیاندوو کە بۆ دادگایی دووهەم پێویست ناکات خۆی ئامەدەبێت و دادگا بڕیاری لەسەر دەدات بۆیە پێدەچێت دادگا بڕیارێکی گران دەربارەی شەمزین بدات.

لەهەمان کاتدا شێرکۆ جیهانی برای شەمزین بەهەمان تاوان ڕووبەڕووی زەختی ئیتلاعات بووەتەوە و هەڕەشەی دەستگیرکردنی ئەویش کراوە.

وەك دەزانرێت شەمزین و شێرکۆ جیهانی لە بنەماڵەی عەلی جیهانین کەبەدەستی ڕژێمی ئێران لە سێدارەدراوە.

بۆیە پێویستە لەسەر هەموو کوردان بەتایبەتی ڕۆژنامەنوس و نوسەران و زۆر بەتایبەتیش ژنان و ڕێکخراوەکانی ژنان کە دەنگی نارەزایی بەرزبکەنەوە بەرامبەر ئەو هەڵوێستە فاشیستیانەی ڕژێمی ئێران بەرامبەر ڕۆژنامەوانی ناوبراو و هەموو ڕۆژنامەوانانی تر لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، کە دیارە ڕژێمی ئیسلامی ئێران دەخوازێت لە کەسایەتی شەمزین دا هێرش هەموو ڕۆژنامەوانانی کورد سەرکوت بکات، بەتایبەتی چالاکڤانانی بواری ژنان چونکە شەمزین یەکێکە لە چالاکڤان و تێکۆشەرانی مافەکانی ژنان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

بۆیە پێویستە کوردان بەرێی ئیمایل و فاکس نارەزایی خۆی بگەیەنێتە ڕێکخراوە جیهانیەکانی ماڤ مرۆڤ و مافەکانی ژنان.

دەتوانن بەم کۆمەڵە ئیمایلانەی لای خوارەوە نارەزایەکانی خۆتان رەوانە بکەن:

mena@hrw.org
techsupport@wn.com
http://newsbyemail.wn.com
persan@rsf.org
contact@netfreedom.org
info@cdfj.org
**asia@article19.org**
**info@article19.org**
europe@article19.org
wink@womenink.org
hr@derechos.org
communications@humanrightsfirst.org
admin-us@aiusa.org
info@ap.org
wlp@learningpartnership.org